وەرزی باران بڕان!

ک. د. ئازاد
(بانە)

– بۆ کوێ؟
– تا دەرەوە لای هاوڕێکانم دەچم و خێرا دێمەوە!
ئەوە وتوویژی هەموو شەوێی من و دایکم بوو!
شەوانە بە دزی دەچووم بۆ لای (کیژان)! هەموو شەوێ! کیژان کچی ئاموزای باوکم بوو! چوار ساڵان لەمن گەورەتر بوو. من بیست و چوار ساڵ و کیژان بیست و هەشت ساڵی بوو، بەڵام من ئەوانەم نەدەخوێندەوە!
باوەشی کیژان هەموو شەوێ لە زۆر کەسی دابڕیبووم! کەس بە لامەوە لە دیتنی دووبارەی کیژان گرینگتر نەبوو!
چاوی نیگەرانی دایکم دەیزانی شەوانە کە لە ماڵ دەردەکەوم بۆ لای ڕەفیق و دۆستان ناچم!؟
شەش مانگ بوو (کیژان) تەڵاقی وەرگرتبوو. هەر لە یەکەم دیداریدا، خۆشم ویست. چەند جار لە ڕێگەی شەقام چاومان بە یەک کەوت. پەت و پڕ و خێرا! دوایە ژمارەی تەلەفۆنی خۆی دامێ و تا مانگێک هەموو ڕۆژێ جارێک، یان دوو جار قسەمان دەکرد!
لە ماڵەوە بە تەنیا بوو! ماڵەکەی لەنزیک ماڵی باوکی بوو. دوای تەڵاق، مێردەکەی بۆی کڕیبوو و لە جیاتی ئەوە منداڵەکەی کە کوڕێکی دوو ساڵە بوو، لێی ستاندبوو!

* *

– کامەران؟
– گیانە!
– بەڵێنم پێ بدە قەت بە جێم ناهێڵی!
– قەولت پێ دەدەم کیژان گیان! تا مردن جێت ناهێڵم!

* *

شەیداییم شتێک نەبوو لە چاوی دایکم وەی شارم.

– کامەران؟

– دایە گیان!

– چیـیـە ڕۆڵە گـیـان؟ بۆ ئـاوا هەڵەشە و بێ ئارامی؟ چی قەوماوە؟ کەسێکت خۆش دەوێ؟

– دایە گیان چت لێ وەشارم.

– کێیە بە قوربان؟

– کێژان!

دایکم ناباوەڕانە ڕوانییە چاوانم.

– ڕۆڵە دەڵێی چی؟ ئەو لە تۆ گەورەترە. بێوەژنە!

– دایە هەموو ئەوانە دەزانم.

– بەڵام کـوڕم ڕەنگە نەزانی مـێـردەکـەی لە سـەرچی تەڵاقی داوە!

– بۆ خۆی دەڵێ نەسازاوین! گرنگ نییە بۆچی!

– ئاوا!

– ئەی لە سەرچی دایە؟

– لێی گـەڕێ ڕۆڵە عـاشق کـەڕ و کـوێرە! بشـزانی بێ فایدەیە!تا سەرت لە بەرد نەدرێ نازانی!

* *

باوکم بازرگانێکی باوەڕپێکراو بوو. هەموو جارێ کە وەڵامی دەدا بۆ تاران و تەورێز، یان شـــارەکـــانی تر، مـتـمـانەیان پێ بوو و شـتـیـان بۆ دەنارد. دەگـەڵ هەمـوو بازرگانەکان دۆستایەتی باشی بوو!

ئەم جار شەریکە مامەڵەیەکی لە ئیسفەهان دۆزیبۆوە، لەبەر هێندێک بەڵێن و کـەین و بەین، باوکم دەبوو خۆی بچێ، ئەویش میـوانی لە تاران ڕا بۆ هاتبوو نەیدەتوانی! منی بە وەکیلی خۆی نارد!

– کـامـەران گـیـان!هەم ئیـسـفـەهان دەبینی و هەم لە جێگای من دەچی! بە هیوام سەرکەوتوو بی!

* *

– کێژان؟

– گیانەکەم!

– لە ئیسفەهان چیت بۆ بێنم؟

– هەر خۆت!

لە خۆشیان دەباوەشم گرت!

ئەو شـــەوەی کـــە بەیانی دەڕۆیشـــتم و چەند ڕۆژێکم پێـدەچوو، دیسـان پەنام باوەشی کـیـژان بوو!ئەویش بە تامـەزرۆیی باوەشی بۆ دەگرتمەوە و چەند ساتێکی خۆش لە هەموو جیهان دادەبڕاین!

– کێژان!

– گیانە!

– ئەوەی لە تۆم دەوێ وەفادارییە.

– دڵنیا بە! یان هی تۆم، یان هی خاک!

* *

دۆستە ئیسفەهانییەکەی باوکم (جەواد ئاغا) پیاوێکی تەمەن چل و پێنج سالّ بوو، بەڵام زۆر گەنجتر دەینواند. لە بەر دەرکـەی تەڕمـینالّ چاوەڕێم بوو، زۆر بە گـەرمی وەری گرتم. بە ماشـێنەکەی خۆی منی گەیاندە مالّیان. ژن و کچەکەی (باران) چاوەڕێم بووم.

هەر لە یەکـەم چاوپێکەوتن، هەسـتـم کـرد باران دزەی کـــــردە ناو دڵ و دەڕوونم! باران قـــــوتابی زانکۆ بوو، کـۆمـەڵناسی دەخـوێند، کـچـێکی تۆزێ بالاّبەرز و جـوان، دەم و چاوێکی سـپی و خـڕ، دوو چاوی سـەوز و قـژێکی تەڵایی و سـاف، خۆش مـەشـرەب و ڕەزا شـیـرین، وا زوو دەگەڵ یەک ڕێک کـەوتین، دەتگوت چەندان سالّە یەکتر دەناسین! لە مـالّەوە زۆر ئازاد بوو. باوکی هەر لە یەکـەم دیدارماندا بە بارانی وت:

– کچم ئەوەش کامەران!ئەو میـوانی ئێمەیە و تا لێرەیە دەبێ هەموو شوێنێکی میژوویی و جوانی ئیسفەهانی پێ نیشان دەی!

– باشە باوە گیان.

دایکی باران، (مـەهین) خانم، ڕووخۆش و قسـە خۆش بوو!زۆر ئاسایی دەگەڵ من دەستی داوە و ماچی کردم.

بنەمالّەیەکی بەختەوەر، مالّێکی دوو قات، کە لە سێ لاوە باخچە و گوڵ و حەسار بوو، باران تەنیا منداڵی ئەو مالّە بوو!

* *

یەکـەم ڕۆژ، چەند سەنەد و قـاقـەزم لە لایەن باوکـمـەوە ئیـمـزا (واژۆ) کـرد و کـاری من تەواو بوو! ئیـتـر من و باران، هەر دوو بە دوو، سـواری مـاشـێنەکـەی باران دەبووین و بە ئیـسـفـەهاندا دەگەڕاین. هەر لە یەکـەم ڕۆژ دا، کـە بە ناو شـوێنە مـێـژووییـەکـاندا دەگـەڕاین باران دەستی گرتم و منیش لە خودام دەویست. ئیـتـر وەک دوو خـــۆشـــەویســـتـی شـــەیدا دەست لە ناو دەســـتـی یەک، دەگەڕاین.

شـەوانە تا درەنگان، باران لە دیوەکـەی من دەمـایەوە. وا ئاوێتـەی یەک بووین، کـە هەمـوو شـتـێکمـان لە بیـر چۆوە. مـن بە خـەیاڵیـشـم دانەدەهات کـەسـێک بە ناوی کـیـژان چاوەڕێمە! بارانیش شەیداتر لە من سەری دەکردە سەر سنگی من زانکۆ و دەرس و کاروباری وەلانابوو!

باوک و دایکی باران، بەو شـتـەیان دەزانی و نە تەنیـا هیـچـیـان نەدەگـوت، بەڵکو ئازادیان کـردبووین و کـاریان پێمان نەدابوو!

– کامەران؟
– گیان!
– قەت بە جێم مەهێڵە!بێ تۆ ناژیم!
– باران گیان! تازە کەس ناتوانێ لێکمان جیا کاتەوە!
* *
من وەک وشکارۆیەک کــە بارانێکی بەهاری لێی ببارێ، سات لە دوای سات دەگەشامەوە. سەیر ئەوە بوو لە هەمـوو ئەو ڕۆژانەی کـە لای باران بووم، جـارێکیش کـێژانم یاد نەکـرد! کـێژان وەک ڕابوردوویەکی تەمـاوی و خۆش، لە بیرم چوبۆوە!
باران، ئەو کەسە بوو کە هەموو نیازەکانی دەروونی من دەیویست!
نەمزانی ئەو حەوتەیە چۆن گوزەرا! باوکم تەلەفۆنی کرد کە بگەڕێمەوە!
ئەو بەیانیـیـەی کـە قـەرار بوو بگەڕێمـەوە، باران دووبارەی کردەوە:
– کـامـەران گـیـان! لە بیـرت نەچێ زوو بێی بۆ داواکاریم!
– باشە گیانەکەم بێ خەم بە!
ئەوەی کــە نەدەبایە لە بەینی من و باران ڕوو بدا، ڕووی دا و من و باران لە باوەشی یەکتردا فەرامۆشمان کرد کە سنوورەکان نەبەزێنین! ئێستـا باران لەبەر ئەوەی کەس نەزانێ کە ئیـتـر کچ نەمـاوە، داوای دەکرد کـە زوو بنێـرم بۆ خـوازبێنی و منیش بەوپەڕی بڕوا بە خـۆیی، دڵنیام دەکرد کە زوو دەگەڕێمەوە و بە هاوڕێیی دایکم و باوکم دێمەوە بۆ داخوازی!
* *
– کامەران!
– گیانەکەم، کێژان!
– هەمـوو شەوێ چاوەڕوانت بووم. پێم وابوو سـاڵێکە ڕۆیشتووی!
دوو شەو بوو هاتبوومەوە و دەمویست بە کێژان بڵێم چ قەومـاوە! بەڵام جورئەتم نەبوو، هەرجارێکیش دەمویست شتێک بڵێم، چاوەکانی پڕ لە نیـاز و پاڕانەوەی کـێژان پەژیوانی دەکردمەوە!
لەو بەینەدا مابوومەوە چ بکەم!
* *
– کێژان؟
– گیانەکەم!
– ئەگەر ڕۆژێک من و تۆ بۆ یەک نەبین چ دەکەی؟
– توخوا کامەران! هیچ مەڵێ! خۆت دەزانی دەمرم!
–
– بۆ؟ چ بووە؟ چی قەرارە ڕوو بدا؟
– هیچ!
* *
ئێوارەی ڕۆژی سێیەم دایکم بە گوێچکەیدا چرپاندم:
– وەرە دەرەوە کارم پێتە!
پێم سەیر بوو. لە داڵانێ دایکم پرسی:
– باران کێیە؟
بە منگە منگ گوتم:
– باران کچی جەواد ئاغای دۆستی باوکمە! بۆ دایە؟
– ئەمڕۆ قسەی دەگەڵ کردم!
– بۆ؟ چی وت؟
– هەموو شتێکی بۆ باس کردم!ئەو چاوەڕوانە تۆ بچی بۆ خوازبێنی!
– بەڵام...
– بەڵامی ناوێ! ڕۆڵە تۆ بەڵێنت پێ داوە!
– ئەی کێژان؟
– کێژان بۆ تۆ نابێ!
* *
دوو مانگ ڕابورد و هەر نەمدەتوانی بڕیاری یەکجاری بدەم!
ئێوارەیەک دایکم وتی: باران دەیەوێ نیـو سـەعـاتی تر قسەت دەگەڵ بکا. لە مااڵ بە! لای تەلەفۆنەکە نەبزووی!
پاش نیو سەعات بە زەنگی تەلەفۆن ڕاچەنیم!
– سڵاو کامەران!
– سڵاو باران گیان!
– بوو بە چی؟ بۆ دیار نەبوون!
– نەمتوانیوە قسە دەگەڵ باوکم بکەم!
– دوێنێ لە خەسـتـەخانە پێـیـان وتم کـە دووگـیـانم و منداڵەکەم دوو مانگانەیە!
– منداڵ؟
– فریام نەکەوی ئابڕووم دەچێ!
–.....
* *
باران، کێژان! باران، کێژان!
ئەو دوو ناوە لە مـێـشکم و لە دڵمـدا، دەهاتن و دەچوون!
نەمدەزانی کامیان هەڵبژێرم! کێژان پڕ لە هێز و توانی ژیان بوو! بە هۆی ئەو، عـەشق و ژیانم ناسـیـبـوو، باران خـۆشی و شـادی ژیانم بوو و هەڵگری منداڵی من بوو لە دووتوێی گیانیدا!
* *
لە باوەشی کـیـژاندا، هەمـوو شـەوێ لە بیـرم دەچۆوە

کەسێک بە ناوی باران چاوەڕوانی منە و بەڵێنم پێداوە بیخوازم!

* *

سێ مانگ ڕابورد!

باوکم ئێوارەیەک بە هەڵەداوان هاتەوە! پەشۆکاو.. ڕەنگ بزڕکاو!

– چیبە؟ چی قەوماوە!

دایکم بە دیتنی باوکم یەک ڕیز پرسیاری دەکرد!

– کچەکەی دۆستە ئیسفەهانییەکەم یانی (جەواد ئاغا) بە ماشێنەکەی هەڵدێراوە و نەماوە!

زمانم لە دەمدا ڕەق هەڵات و گەروم وشک بوو!بە شێوەیەک کە تفم بۆ قووت نەدەدرا!

بە پەلە دەگەڵ باوکم ساز بووین و بەرەو ئیسفەهان وەڕێ کەوتین!

پێشتر بە کیژانم گوت بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بۆ سەفەر دەچم!

لە ئیسفەهان جەواد ئاغا ئەوپەڕی حورمەتی لێ گرتین. خۆی و ژنەکەی زۆر ناڕاحەت بوون. دوای سەرەخۆشی بۆی گێڕاینەوە کە پۆلیس پێی وایە کە وێدەچێ کچەکەم هەر بە ئەنقەست خۆی هەڵداشتووە و ئێمەش لەو باوەڕەداین کە ڕەنگە خەوی لێکەوتبێ!یان شتێک هاتبێتە سەر ڕێگای.....!

* *

هەر تەنیا شەوێک لە ئیسفەهان ماینەوە، جەواد ئاغا زۆر هەوڵی دا بمێنینەوە! باوکم قەولی بە جەواد ئاغا دا لە کاتێکی تر بە خاو و خێزانەوە سەردانی بکا!

ئێوارەیەکی درەنگ بوو گەیشتینەوە!

دوای شێو کە لەبەر نیگای پڕ لە پرسیار و توانجی دایکم، هیچم بە دڵەوە نەنووسا، چوومە دەرەوە!

تا لای نیوەشەو بە شەقامەکاندا دەگڕام و بییرم لەو کارەساتە دەکردەوە کە بۆ باران ڕووی داوە! خۆم بە خەتابار دەزانی! بۆ فەرامۆش کردنی باران دووبارە ڕووم کردەوە مالّی کیژان. ویستم کیژان غافڵگیر کەم و بەو کلیلەی کە خۆی پێی دابووم، دەرگای حەسارم بە بێ دەنگی کردەوە و لەسەر نووکی پێ چوومە ژوور!

مالّەکە تاریک بوو و هەر تەنیا گڵۆپێکی خەو دایسابوو!

لەبەردەرگای خەوتن، گوێم هەڵخست بزانم کیژان بەخەبەرە یان نا!

دەنگی پڕ لە هەوەس و ئارەزووی کیژانم هاتە بەر گوێ! ئەو دەنگەی کە بۆم ئاشنا بوو! زۆر شەوان کە لە باوەشی کیژاندا بووم، گوێم لێبوو!دەگەڵ دەنگی کیژان، دەنگی زبری پیاوێکیش دەبیسترا کە خێرا خێرا بە قوربانی کیژان دەبوو!

وەمزانی خەون دەبینم!باوەڕم نەدەکرد لە نەبوونی مندا، کیژان لە باوەشی کەسێکی تردا بخەوێ!

لە ڕقان خۆم بۆ ڕانەگیرا و دەستگیرەی دیوەکەم بادا و چوومە ژوور!

دەستم برد و گلۆپەکەم هەڵکرد!

کیژان ڕووت و قووت لە باوەشی پیاوێکی کەڵەگەتدا بوو!

لەو حاڵەدا نەمدەزانی چ دەکەم! لە ناڕەحەتی پڕم دایە قژی کیژان! پیاوەکە، هەروا بە ڕووتی هاتە پێش و زللەیەکی لێدام! منیش وەرگەڕامەوە بۆ لای پیاوەکە و بە مشت و شەق کەوتمە گیانی! بەڵام پیاوەکە زۆر لە من بە قەوەتتر بوو، فڕێی دامە دەرەوە! سەرم وە پلیکانە مەڕمەڕەکان کەوت و خوێن بە سەر ڕوومەتمدا هاتەخوار!

لەو کاتەدا کیژان نیوەپۆشتە هاتەدەر و بە سەرمدا گوڕاندی:

– تۆ بە چ ئیجازەیەک پێت ناوەتە ناو مالّی من! تۆ کێی؟ بە چ حەقێک دەستی چەپەڵت لە خۆشەویستەکەی من بەرز دەکەیەوە؟ دزی بێ ناموس! بۆ خۆت بە مالّی خەڵکدا دەکەی؟

وەک ئەوەی ئاوێکی ساردم بەسەرداکەن، یان بەر تەوژمی کارەبایەکی بە هێز کەوتبێتم، دەمم بوو بە تەڵەی تەقیو!دنیا لەبەر چاوم تاریک بوو! ئەوە کیژان نەبوو! نا نا!

پیاوەکە کە ئێستا خۆی تا ڕادەیەک پۆشتە کردبۆوە هات و پشت ملی گرتم و بە شەق فڕێی دامە دەرەوە!

وەک کەلاکێکی بێ ڕوح لە کۆڵان کەوتم! ئەوەی زیاتر پشتی شکاندم، قسەکانی کیژان بوو!

بە لۆژە لۆژ بەرەو مالّ بوومەوە!

لەوحاڵەدا کەوتمە بیری قسەی دایکم:

– ڕەنگە نەزانی کوڕم مێردەکەی لە سەرچی تەڵاقی داوە!

– بۆ خۆی دەڵێ نەسازاوین! گرنگ نییە بۆچی!

– ئاوا!

– ئەی لە سەرچی دایە؟

– لێی گەڕی ڕۆڵە عاشق کەڕ و کوێرە! بشزانی بێ فایدەیە! تا سەرت لە بەرد نەدرێ نازانی!

۱۳۹۰/٤/۱٤ هەتاوی (۲۰۱۱/۷/۵ز)